# دیموکراتییەت لەنێوان بانگەشەکاران و گۆڕان دا

شەماڵ نووری



جێبەجێکردنی دیموکراتییەت لە کۆمەڵگای دواکەوتووی عێراقی و شوێنەوارەکانی لەسەر نەتەوەو ئیتەنییەکانی دیکەی پاشکەوتەی ئەو کۆمەڵگایە کارێکی ئاسان نییە، بەقۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت کە بەقۆناغی راگوزەری ناسراوەو ململانێیەک لەنێوان بانگەشەکاارانی گۆڕانکاری و چاکسازی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی سیاسیدا لێدەکەوێتەوە. ویست و خواستەکان لەبەردەم دیواربەندی دەسەڵات و عەقڵییەتی داخراوی کەسە بەرپرسەکان دۆش دادەمێنێ و زۆرجار بانگەشەکاارانی چاکسازی و گۆڕانکاری ئەلتەرناتیڤیان پێ نییە، یاخود ئەلتەرناتیڤێکی بێ جەماوەر و ئەرزییەت و بێ واقیع لەهەگبەیاندایە، گرووپ و کۆمەڵە ئیسلامییە توندڕەوەکان نموونەیەکی بەرچاون.

گەرچی لە کۆمەڵگای کوردستان ناتوانرێت بەرەهایی بووترێت نوخبە وجودی هەیە، بەڵام بانگەشەکاارانی دیموکراتییەت و گۆڕانکاری زیاتر لەناو ئەو بەناو دەستە بژێرەدا هەیە کە

بەشێوەیەکی ڕیژەیی بوونیان هەیە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتێکی گەورەیە لەبازنەیەکی داخراودا دێت و دەچێت، سەیرە چین و توێژێکی ناو کۆمەڵ باس لەچاکسازیی و گۆڕان دەکەن، کەچی خۆیان پێویستیان بەگۆڕان و چاکسازییە، لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی هاوشێوەی کوردستان مامۆستایەکی زانکۆ باس لە زانست و مەعریفە دەکات ، کەچی توانای زانستی ئەخلاقییەتی مەعریفی لاوازە، زۆر لە رۆشنبیران بانگەشەی وشیارکردنەوەی کۆمەڵن، کەچی بیرو تێڕوانین و دابونەریتی تەقلیدی و دواکەوتوویانەیان هەیە، دکتۆر پیشەیەکی مرۆییەو سەرقاڵی گرانکردنی نرخی بلیتی عەیادەکەیەتی، سەندیکا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبنە پێگەو پاشکەوتەیەکی دەسەلات و پارتە فەرمانڕەواکانی، ئەم بۆچوونە بەشێوەیەکی رەهایی نییە گەرچی رێژەکەی بەرزە، کەواتە کێن ئەوانەی بەڕاستی بانگەشەکاری دیموکراتییەتن؟؟ تا چەند زەمانەتی راستگۆیی ئەو بانگەشەکارانە هەیە لەکاتێکدا دەچنە سەر تەختی دەسەلات؟ پاش هەڵبژاردنەکان پروپاگەندەو دروشم و بەڵێنەکانی دادپەروەری و بەرزکردنەوەی داهات و زیادکردنی خزمەتگوزاری جێبەجێ کرا؟

> **کێن ئەوانەی بەڕاستی بانگەشەکاری دیموکراتییەتن؟ تا چەند زەمانەتی راستگۆیی ئەو بانگەشەکارانە هەیە لەکاتێکدا دەچنە سەر تەختی دەسەلات**

دوو تەوەرەی سەرەکی لە دیموکراتییەت هەیە، ئەویش جێبەجێکردنی دیموکراتییەت و گۆڕانە، ئەم دوو تەوەرەیە جیاوازە زۆر گۆڕان لەبوارێکدا بەواتای دیموکراتییەت نایەت، بەپێچەوانەشەوە هەموو هەڵبژاردن و راپرسی و ئازادییەکان گۆڕانگاری لێ نەکەوتەوە.

ولاتە دیموکراتییەکان کاتێک مومارەسەی دیموکراتییەتیان کرد، کە گەیشتنە دۆخێکی لە ئارامی سیاسی سەقامگیر، لە رۆژئاوا بزووتنەوەی بووژاندنەوەی شارستانی لەڕێگای شۆڕش و شەڕ و دانانی دەستووره تازەکان و بزووتنەوە گۆڕانکارییە گەورەکان هات (١)، لەناوخۆشدا دەستکرا بەجێبەجێکردنی هەڵبژاردن و چەسپاندنی بنەماکانی گۆڕانکاری، بەڵام هەروەک رەفیق حەبیبی نووسەری میسری دەڵێت: رۆژئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تەنیا بەهەڵبژاردن نەچوونە سەدەی بووژانەوەو پەرەپێدان، بەڵکو لەزۆربەی کاتدا گۆڕانێکی شۆڕش و خوێناوی بوو، بەو واتایە تێپەڕبوون و گۆڕان لە سۆسیالیستی شیوعییەتەوە بۆ سەرمایەداری تەنیا بەهەڵبژاردن نەبوو، بەڵکو لەڕێگای خۆپیشاندان و مانگرتنی مەدەنی و دەستەبژێری ناو کۆمەڵگا و جەنگەکانەوە روویدا، پاشان پرۆسەی هەڵبژاردنەکان هات و تەواوکەری سەرجەم پرۆسە بە دیموکراتیزەکردنەکە هاتە دی.

لە عێراق بەگشتی و بە کوردستانیشەوە تاکو ئەمڕۆ لەبازنەی داخراوی دواکەوتەیی و پاشکەوتەیی دەرباز نەبووین، راستە هەڵبژاردن تا رادەیەک مومارەسەکردنی رێژەیی هەڵبژاردنەکان جۆرێکە لە دیموکراتییەت، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە دەربازبوون لە قەیرانە سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان سەرەتایەکە بۆ جێبەجێکردنی دیموکراتییەت بەواتا شموولییەکەی.

بەمشێوەیە مومارەسەکردنی دیموکراتییەت لەناو دۆخێکی نائارام و پشێویدا تەنیا لە چوارچێوەی

پرۆسەی هەڵبژاردنەوە دەبێت، دەستەبژێری رۆشنبیرو توێژەکانی دیکەش ئەم پرۆسەیە چەند رۆژێک پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەڕێوەی دەبەن و پشتگیری لێدەکەن، دوای هەڵبژاردنەکانیش هاوولاتی ئاسایی درک بەو راستییە دەکات گۆڕانکارییەکان خێراو کاریگەر نییە، بەڵکو ئەو حاڵەتەی تووش دەبێت کاتێک بەراورد لەنێوان سەردەمی دیکتاتۆری و ئێستا دەکات ڕەچاوی ئەوە دەکات کە هەڵبژاردن و مومارەسەکردنی گۆڕینەوەی دەسەلات لەنێوان پارتە گەورەکاندا لەسەر حیسابی دواخستن و دواکەوتنی خزمەتگوزاری و پێشکەوتنی سیستەمی کارگێڕی و ئابوورییەکانە.

گرفتەکە کاتێک ئاڵۆزتر دەبێت کە سەرجەم پارتەکانی ناو ئۆپۆزسیۆن و یاخود دەرەوەی دەسەلاتی فەرمانڕەوایی ولات باس لە گۆڕان و بانگەشەکارانی کەمکردنەوەی گەندەڵی و پێشخستنی ئابووری و دۆزینەوەی هەلی کار و دادپەروەری دەکەن، پاساوی جێبەجێ نەکردنی ئەم پرۆژەو گۆڕانانە ئەوەیە ئەوان لەدەرەوەی دەسەلاتن، گەر بێتو زۆرترین کورسی دەسەلات مسۆگەر بکەن و وەزارەت و دامودەزگای کاریگەر و زیندوویان بدرێتێ بەڵێنەکانییان جێبەجێ دەکەن، بەلام راستییەکەی پێچەوانەیە، چونکە پرۆسەی گۆڕانکاری تەنیا بەبانگەشەکردن نایەتە جێبەجێکردن، بەڵکو توانا و شارەزایی و دڵسۆزی وای دەوێت کە عەقڵە کراوەکان ئەنجامی بدەن وبڕوایان بە ویست و خواستی زۆرینەو هاوولاتیان بەسەرجەم چین و توێژو ئیتنی و ئایینەوە هەبێت، تاکو پرۆسەی دیموکراتییەت و گۆڕان لەئاستێکی فراوان و پانتاییەکی گەورەدا زۆرینەی هاوولاتیانی لێ بێبەش نەبێت، بگرە زۆرینەی کەسەکان تێکەڵ بە مومارەسەی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی بکرێن.

ئەم واقیعە لەزۆر پارت و گرووپەکانی ئیسلامیدا زەق و دیارە، لە لایەک ئەوان پێیان وایە پرۆسەی دیموکراتی بەو پێیەی لەرۆژئاواوە هاتووە و ئەمریکاو گەورە هێزەکانی دیکەی ئەورووپا بانگەشەی بۆ دەکەن تەنیا ویستێکی رۆژئاوایە و بگرە زۆرجار تێکەڵ بە کوفر بووە، لە لایەکی دیکەشەوە بانگەشەی بۆ دەکەن تا ئەو کاتەی دەچنە سەر کورسی دەسەلات، واتە بانگەشەکارانی دیموکراتییەت لەناو حزب و گرووپە ئیسلامییە میانڕەوەکان تەنیا کارو بەرنامەیەکی سیاسییە و بۆ قۆناغێکی پێش هەڵبژاردن و چوونە سەر کورسی دەسەلات پەیڕەو دەکرێت.

پرۆسەی دیموکراتییەت گۆڕانێکی ریشەیی و بنەڕەتییە لە ژیانی کۆمەڵگا بەپێی ویستوخواستی زۆرینەی هاوولاتی، کە لەم سەردەمەدا ناگونجێت لەگەڵ سیستەمی ئابووری و هەوڵەکانی بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی، چونکە ئەم بوارە ئابووری و کۆمەلایەتییانە پێویستی بە پرۆگرام و بەرنامەو پلانی وا هەیە، کە لەگەڵ سیستەمی ئابووری جیهانی بگونجێت، بۆ نموونە ناکرێت بانکەکان پێشبخرێت بەبێ بەشداریکردنی هاوولاتییان کە هەموو دەزانین بەپەیڕەوکردنی سیستەمی سوود دەبێت کە لە لای گرووپە ئیسلامییەکان و بیروباوەڕەکەیان بە(سوو) ناو دەبرێت، گەشتوگوزاری بێ راکێشانی گەشتیارانی بیانی نابێت، یەکێک لە مەرجەکانی راکێشان و هاندانی

**دەربازبوون لە قەیرانە سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکان سەرەتایەکە بۆ جێبەجێکردنی دیموکراتییەت بەواتا شموولییەکەی**

گەشتیاران ئازادییەکانی لەبەرکردنی جلوبەرگ و مەلەوانی و خواردنەوەی مەوادە ئەلکهولییەکان و چەندان بواری دیکەیە، پێشخستنی کەرتی پترۆڵی و پیشەسازی بەهێنان و سوود وەرگرتنی توانا و شارەزایی گەورە کۆمپانیا بیانییەکانە، بەجۆرێکی دی دەتوانین بڵێین لە گلۆبالیزمدا جیهان بۆتە گوندێک و پەیڕەوکردنی بەرنامەو سیستەمە ئابوورییەکان بێ گوێدانە ڕێنمایی و راسپاردەکانی سندووق و بانکی نێودەوڵەتی و گەورە دامەزراوو رێکخراو و کۆمپانیاکان و ستاندەری نێو دەوڵەتی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، پارت و گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن یاخود دەرەوەی دەسەڵات مەرجە کە باس لە دیموکراتییەت و گۆڕان و چاکسازی دەکەن بەرنامەو پرۆگرام و زۆرجار پلانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان بڵاوبکەنەوە، کە بگونجێت لەگەڵ توانا ماددی و مرۆییەکان دا و واقیعیانە بێت.

**پرۆسەی گۆڕانکاری تەنیا بەبانگەشەکردن نایەتە جێبەجێکردن، بەڵکو توانا و شارەزایی و دڵسۆزی وای دەوێت کە عەقڵە کراوەکان ئەنجامی بدەن و بڕوایان بەویستوخواستی زۆرینەی هاووڵاتیان هەبێت**

هەڵەیەکی نووسەر لە تەرحکردنی بابەتەکەی هەمان ئەو هەڵەیە کە دەستەبژێرو رۆشنبیرو سیاسەتمەداری عەرەب و نیزامەکانیان تێی کەوتوون، ئەویش ئەو ترس و دڵەراوکێیەیە کە بەرامبەر پرۆژە رۆژئاواییەکان لە لایان دروستبووە، کە بەوتەی ئەوان پرۆژەی رۆژئاواو لەسەر بنەمای ویستی سیاسییانەی ئەمەریکی و رۆژئاوا بنیات نراوە، کە دوور نییە لەرێگای دەزگا سیخوڕییەکانەوە هان نەدرابێت و ئاراستە نەکرێت، گرووپە ئیسلامییەکانیش ئەو ترسەیان هەیە کە ئەوان پشتگیری هاتنە سەر دەسەڵاتی حوکمیان ناکەن، بەمەش فەرمانڕەواکانی ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و حیزبە ئیسلامییە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لەگەوهەردا بڕوایان بەگۆڕانکاری نییە، بەڵام پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراتییەتێکی ناکامڵ پەیڕەو دەکەن.

هەڵە لە تێگەیشتن لێرەدا روودەدات کاتێک پارت و حیزبەکانی فەرمانڕەوا بگرە ئۆپۆزسۆنیش لە زۆرینەی ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی باسی لە دیموکراتییەت دەکەن و هاوکات دیموکراتییەتی رۆژئاواشیان پێ رەفزە، ئەوان پێیان وایە ئەو دیموکراتییەتە دەستکردەو لەگەڵ شارستانی و ئایینی ئیسلامدا ناگونجێت و لە لایەن نوخبەو سیستەم و هێزە دەرەکییەکان نەچەسپێندراوە، هەروەکو بڵێی لەناوخۆی ئەم ولاتانە بەراستی پرۆسەیەک بۆ گۆڕان و چاکسازی و دیموکراتییەت هەبێت و نموونە رۆژئاواییەکەی رەتدەکەنەوە.

پەیڕەوکردنی دیموکراتییەت بێ هاوکاری و یارمەتی رۆژئاوا جێبەجێ ناکرێت، لەکاتێکدا کە لەناوخۆیی ولاتان و سیستەمە فەرمانڕەواییەکان پرۆسەیەک بۆ دیموکراتییەت نییە کە چاکسازی و گۆڕانکاری لەخۆ بگرێت، تەنانەت زۆرینەی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن خاوەنی ئەو بەرنامەو پرۆگرامە نین، ئەوان تەنیا بانگەشە بۆ شتێک دەکەن لەکاتێکدا پلان و سیستەم و ئایدیالۆژییەتیان ناگونجێت لەسەر ئەو دیموکراتییەتەی کە ئەمڕۆ لە جیهانی پێشکەوتوو پیادە دەکرێت.

**سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە**

١- رەفیق حەبیب - دیمقراطیة لإجهاض التغیر- الحیاة